# بێهۆشی

ن/خەیری رەمەزان
و/هێمن مەحمود
hemnm1979@yahoo.com

ئەوکاتەی کابرا پۆڵەندییەکە وەئاگاهات،نۆزدە ساڵبوو بەهۆی روداوی شەمەندەفەرەوە توشی بێ هۆشی هاتبوو.

(جان جریزیبسکی) ئەو کاتەی توشی ئەو کارەساتە هات ،لەوڵاتەکەیدا هێشتا شیوعیەت مابو وە دواین سەرۆکی شیوعی (یاروزولیسکی) تیایدا حوکمی دەکرد،پۆڵەندە ئەوکات لەهەژاریدا بوو وهاوڵاتیان لەرێگای کۆبونی خۆراکەوە دەژیان وتەنانەت بۆ دەستکەوتنی (چا)ش دەبوو ریزی درێژ درێژ ببەستن.

پیاوەکە وەئاگاهات وسەیریکرد هەموو شتێك گۆڕاوە،و شیوعیەتیش بۆ هەمیشە ناگەڕێتەوە،و ریزە درێژەکانیش نەماون،و دوکانەکانیش پڕن لە خواردەمەنی.

هەروەها رۆشنبیری جیاوازجیاواز و تازە دروستبوە.

(جان) ئەوە سەرنجی راکێشا کە هاوڵاتیان مۆبایلیان پێ یە وبەردەوام لەقسە ناکەون،هەربۆیە هەستی بە خۆشبەختیکرد،نەك تەنها لەبەر ئەوەی کە بە ئاگاهاتۆتەوە وئێستا بەتەنیشت ژنەکەیەوەیەتی،بەڵکو لەبەرئەوەش کە دەیبینی کۆمەڵگاکەی رووە وباشتر هەنگاوی ناوە.

ئەگەر زۆرێك لە هاوڵاتیانی جیهانی عەرەبی وەك ئەو روداوەی ئەو کابرا پۆڵەندییەیان بەسەربێت شانسیان لەو باشتر دەبێت چونکە گۆڕانکارییەکی وەها نابینین (گەر وڵاتانی کەنداوی لێ دەرکەین چونکە نەوت جوگرافیا ومێژو و کۆمەڵگاشی گۆڕاوە).

بەڵام ئەی ئەگەر هاوڵاتییەکی میسری روداوێکی وەهای لێ بەسەربێت،ئایا دەتوانێت گۆڕانکاری چی بەدیبکات لەکۆمەڵگاکەیدا؟

لەراستیدا گۆڕانکارییەکی وەها نابینێت،تەنها ئەوەنەبێت کە ناوەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە.

دەبینێ (د.احمد نقیف)بوەتە( د.عاگف صدقی)،لەوەش دڵنیا دەبێت کە هێشتا حیزبی (نیشتیمانی) هەر لەدەسەڵاتایە،دڵخۆشیشە کە هەر (سەفوەت شەریف) سەرۆکی حیزبەکەیە چونکە چاکی دەناسێت،هەروەها دەشبینێ کە هێشتا ئاسایش بەدوای (ئیخوانەکان) وەیە و(ئیخوانەکایش) هێشتا توانای مناوەرەکردن وفێڵکردنیان ماوە.

سەریشی لەوە سوڕدەمێنێت کە تاکە حیزبەکە بە زۆرینەیەکی رەها هەڵبژاردنەکان دەباتەوە ،و خەڵکیش هێشتا هەرگلەیی کەمی موچە وزیادبونی بێکاری دەکەن و هێڵی هەژارییش بەرزبوەتەوە بۆ 15 ملیۆن کەس.

ئەم کابرا میسرییە کە بە ئاگادێت ئەوە هیچ سەرنجی راناکێشێت کە هێشتا یانەی (ئەهلی)پاڵەوانی خولی تۆپی پێیە و(زەمالیك) و(ئیسماعیلییە)ش رکابەری بۆ پلەی دوهەمی دەکەن،وە (عادل ئیمام)یش هێشتا ئەستێرەی سینەما وشانۆیە،خەڵکیش لەو وڵاتەی کە بانگەشەی سەرمایەداری دەکات هێشتا لەرێگای کۆبونی خۆراکەوە خۆراك وەردەگرن و لەریزی درێژ درێژدا بۆ نان وەرگرتن دەوەستن وبەدەست کێشەی خراپی ریگاوبانەکانەوە دەناڵێنن.

ئەو کابرا میسرییە کە بە ئاگادێت ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە شتێکی وای لە عومری خۆی نەدۆڕاندووە ئەوکاتەی بێ ئاگابووە.

نازانم ،رەنگە تەنها شتێك کە بەلایەوە سەیربێت ئەوەبێت کە مناڵەکانی سەرۆك ژنیان هێناوە وشویانکردوە،و کورە بچوکەکەشی بوەتە یەکەمین ئەستێرەی گۆڕەپانی سیاسەتی میسری!.

-----------------------------------------

سەرچاوە/

رۆژنامەی (المصری الیوم) 6/15